# ئیلام بە مێژوو ئابوورییەکەیەوە
## سەربەخۆیی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبووژێنێتەوە



# ئیلام بە مێژوو ئابوورییەکەیەوە
## سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبووژێنێتەوە

نووسین و ئامادەکردنی:
**عارف باوەجانی**

سەرماوەزی ٢٧١٠ ی - کوردی ٢٠١٠ ی زاینی

**نـــاوی کتێب**:ئیلام بە مێـــژوو ئابوورییەکەیەوە ســـەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبووژێنێتەوە

**نووسین و ئامادەکردنی**: عارف باوەجانی

**چاپ**: یەکەم ـ ٢٠١٠ ئۆسلۆ

**لە بڵاوکراوەکانی**: ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان

WWW.PSK2006.ORG

PSKHEWALL@GMAIL.COM

# با سەربەخۆیی کوردستان بکەین بە هزری ژیانی رۆژانەمان

عارف باوەجانی



کاتێک بمانەوێ باس لە بەرەو سەربەخۆ بوونی وڵاتەکەمان بکەین، پێویستیە بە وردی وبەباشی شارەزایی تەواومان لەسەر ناوچەکانی کوردستان هەبێت. لەم نامیلکەیەدا و بە مەبەستیی ناسینی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کورتە پێناسەیەکتان لە سەر پارێزگایی ئیلام پێشکەش دەکەین، واتە ئەو شارەی کە لە بواری مێژوو ئابورییەوە خاوەنی تایبەتمەندییەوە بۆ دوارۆژی سەربەخۆیی وڵاتە داگیرکراوەکەمان.

خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری بەرەو سەربەخۆیی ! گۆڤارەکەمان بڕیاریداوە کە بۆ هەموو ژمارەکانی گۆشـــەیەکی تایبەتی تەرخان بکات بە ناوی گۆشەی کوردستانناســـی . لە ژمارەی١ی گۆڤارکەماندا پێناسەیەکی کورتتان لە ســـەر مێژوی ئیلام واتە یەکێک لە شـــارە دەڵەمەندو دێرن ومێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانتان ئاراستە دەکەین. بۆ ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەمان داوامان لەبەڕێز کاک عارف باوەجانی کرد بۆ ئەم مەبەستە هاوکاریمان بکات. بەڕێزیان وێرای ماندووبوونێکی زۆر بە شێوەی خوارەوە کورتە پێناسەیەکی لە سەر ئیلام بۆ ئامادەکردووین.

لـــە ژمارەکانی داهاتوودا هەر جارەو لە ســـەر پارێزگایـــەک زانیاری بڵاو دەکەینەوە. بەو هیوایە خۆێنەرانی بەڕێزی گوڤارەکەمان هاوکاریمان بکەن ولە سەر پارێزگا وناچەکانی کوردستانی داگیرکراومان زانیاریمان بۆ بنێرن، بۆئەوەی بە هەمووماناوە هەوڵبدەین ناوچەکانی کوردســـتان لە بواری ئابوری ومێژووی وزانستی یەوە زیاتر بە یەکبناسێنین. بۆ ئەوەی بزانین کە وڵاتەکەمان وڵاتێکی

مێـــژووی و پر خێر وبەرەکەتە لە بواری ئابورییەوە، بە پێچەوانەی پروپاگەندەی نەیاران و داگیرکەرانی کوردستان، کە پێیان وایە ئەگەر کوردستان سەربەخۆی خۆشی ڕاگەیەنێت ناتوانی لە بواری ئابورییەوە خەڵکەکەی بژێنێت. بەڵام کە دەچینە ناو ڕاســـتییەکانەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە پێچەوانەکەیەتی. دەبینین ئەو مێژووەی کە ئێران شـــانازی پێوە دەکات وبە موڵکی خۆی دەزانێت بەشی هەرە زۆری مێژووی کوردســـتانە. ئەو ئابوریەی کە ئێران لە گەڵ بازارەکانی جیهان مامەڵەی پێدەکات، بەشـــی زۆری ئابوری کوردستانە و سەرچاوەکەی خاکی کوردستانە.

بەڵام مخابن زۆر یەک لە ئێمەی کوردســـتانی بە شـــوێن ئەو زانیارییانەدا نەگەراویـــن و خۆمان بە شـــوێنیدا ماندوو نەکردوە، بگـــرە زیاتر کەڵکمان لەو ســـەرچاوانە وەرگرتووە کە داگیرکەران وناشیونالیستە فارسی وئێرانییەکان لە بەرژەوەندی خۆیان و شێواندنی ڕاستییەکان نووسیویانە.

## ئیلام (بووکی زاگرۆز).

کاتێک بمانەوێ باس لە بەرەو سەربەخۆ بوونی وڵاتەکەمان بکەین، پێویستیە بە وردی وبە باشی شارەزایی تەواومان لە سەر ناوچەکانی کوردستان هەبێت. لەم ژمارەیەدا و بە مەبەستیی ناسینی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کورتە پێناسەیەک لە سەر پارێزگایی ئیلام لەسەر داوای تێکۆشەرانی گۆڤاری بەرەو سەربەخۆیی دەخەمە بەردەست خۆێنەرانی بەرێزی گۆڤارەکە. من وەک نووسەری ئەم بابەتە خۆم لەو ئاستەدا نابینم کە شارەزایی باشم لەسەر مێژوو پێناسەی ئیلامدا هەبێت. بەڵام بە مەبەستی ناسینی وڵاتداگیرکراوەکەم هەوڵم زۆرداوە کە بە پێێ توانا زانیاری لەسەر ئیلام و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کۆکەمەوە. جێی خۆیەتی کە سوپاسی هابیری بەرێزم کاک ئامانج ئیلامی بکەم کە هاوکاری کردووم و پێداچوونەوەی بە سەر ئەم نووسینەداکرد و لە زانیاری و تێ بی نی یەکانی خۆی بێبەشی نەکردم.



**نـــاوی پارێزگا** : ئیلام ، ناوەندی دەڤەری کەلهور و فەیلی نشـــینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو بەشەی کوردستان کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە داگیرکراوە.

**ناوەندی پارێزگا:** شاری ئیلام. ناوە دێرینەکانی ئیلام لە مێژوودا بریتین لە ڕدێن، دەباڵا ( دێواڵا ) ، حسێن ئاوا.

پارێزگای ئیلام بەگشتی و شاری ئیلام بەتایبەتی بەهۆی شاخاوی بوونی ناوچەکەوە سرۆشتی زۆرجوان و رازاوەیە، و کەش و هەواییێکی زۆر خۆش ومامناوەندی هەیە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان ولە ئێراندا بە بۆوکی زاگرۆس ( عروس زاگرس ) ناسراوە. واتە بە هۆی جوانییەکەی لە بناری کێوی زاگرۆزەوە، کە دیمەنێکی جوان پێشاندەدات بە بووکی زاگرۆز ناسراوە




**زمانی پارێزگای ئیلام:** زمان کوردی، زاراوە گۆران : زاراوەی کەلهوری و زاراوەی فەیلی و زاراوەی لەکی کە لە شاخەکانی زاراوەی گۆرانن.

**سەرژمێری گشتی** پارێزگایی ئیلام : ١ملۆینی و ٢٥٠ هەزار کەسە.

ئاینەکانـــی ناو ئیلام. گەورەترین ئاین ئاینی ئیســـلامە ، زۆرینەی خەڵکی ئیلام شیعە مەزهەبن. هەروەها ئاینەکانی زەردوشت، یارسانی. بەهایی لەو ناوچانەدا بوونیان

هەیە.

**بەرزایی ئیلام** ١٤٢٧ لە سەرەوەی دەریاییە.

ئیلامیش وەک زۆربەی شارو ناوچە کوردنشینەکان هەمیشە لە درێژایی مێژوودا هەوڵدراوە بچووک بکرێتەوە. ئەم شارە مەزنە تا ساڵی ١٣٤٢ ی ئێرانی وەک بەشێک لە سەر کرماشان دابەشکرابو. دوای داواکارییەکی زۆر لەو ساڵەوە بە پارێزگایەکی سەربەخۆ پەسەندکراوە.

ئیلام یەکێکە لە شارە ناودارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وکەوتووەتە خۆر ئاوای ئێرانی داگیرکەر. تەنیا دانیشتووانی ناوشارەکە ژمارەیان لە سەرەوەی ٢٧٥ هەزار کەسە.

**تایبەتمەندیە ئابووریەکان** : پارێزگای ئیلام لە بواری ئابووریەوە زۆر بەتوانایەو بە چەند سەرچاوەی نەوت و گازەوە دەوڵەمەندە کە بەپێی ڕاگەیاندنی بەرپرسەکانی ئیران، ١١٪ سەرچاوەکانی نەوت و گازی ئێران لە پارێزگای ئیلامدایەو و ڕۆژانە ١٥٤ هەزار بەرمیل نەوتی خام لە باشووری پارێزگای ئیلامەوە دوابەدوای دەرهێنانی ڕائەگوێزرێتەوە پارێزگاکانی باشووری ئێران و لە کۆمپانیای نەوتی پارسەوە بۆ مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئەفرۆشرێت .

کارگای سیمانی ئیلام گەورەترین کارگای بەرهەمهێنانی سیمانی رۆژهەڵاتی کوردستانە و تا ئێستە زیاتر لە ٣ جار پلەی یەکەمی سیمانی دنیای بەدەسهێناوەو کارگاییکی بەناوبانگە لەسەر ئاستی هەمو دنیا زۆر ناسراوە و بە بەرهێنانی رۆژانە ٤٠٠٠٠ کیسە سیمان لە ساڵا نزیکەی ١٤٧ ملوێن دولار داهاتی هەیە.

**قاڵیبافی:** پارێگای ئیلام لە ناوچە هەرە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە لە بەرهەمهێنانی فەرش وقالی و گلیم دەسکرد، لەوانە گلێمی نەخشدارە کە لە بازارەکانی ئێراندا بە( گلیم نقش برجسته ) بە ناوبانگە، شایانی باسە کە بۆ یەکەمجار لەدنیا ئەوجۆرە گلیمە لە گوندی زنجیرەی سەر بە شارستانی شێروانچەرداوڵ لە ئیلام بە دەستە هۆنەرمەندەکانی ئافرەتانی ئیلامی واتە خانمی (سەحەر چەلانگەر) خەڵکی گوندی زەنجیرە درۆستکراوە، جگە لەوەش جوانترین (قاڵی ) فەرشی دەسکردی کوردی لە شاری دەرەشاری ئیلام بەرهەم دەهێنرێت، کە لە پارێزگاکانی دیکەی ئێرانەوە

ئەو مافە لە کورد دەسێنن و بەناوی فەرشی دەسکاری ئیرانی بە بێئەوەی ناوی کوردوکوردستانی لەسەربێت، بە بڕی ملوێنان دولار ڕەوانەی هەندەران دەکرێ.



**کشت وکاڵ و ئاژەڵداری :** لە بەشی کشت وکاڵ بەهۆی خاکی بەڕەمەندی بەهرەمەندی ئیلام، برنج، گەنم، جۆ، نۆک، مێژوی( نژی )، بامیَ( بامیە ) و هەروەها پەتاتە، تەماتە، خەیار، باینجان، گێزەر، شوتی و . . . و لە بەشی باخداری گوێز و بایەم و زۆربەی مێوەکان پتر لە ڕادەی پێداویستی پارێگاکە بەرهەم دەهێنرێت، وسەرەڕای ئەوە لەبەشی ئاژەڵداری گۆشتی سور لە پارێزگای ئیلام ئێجگارە، و زۆرجار خەڵکی پارێزگاکانی دراوسێی ئیلام بۆ دەسکەوتنی گۆشتی چاک وتازە، سەردانی ئەو پارێزگایە دەکەن وبێجگە لەوەش تا ئێستە چەند کارگای شیر بە مەبەستی دابینکردنی شیر وماست وپەنیر وپێداویستیە شیرەمەنیەکانیتر کراوەتەوەوکەڵکیان لێ وەرئەگیرێت.

شاخەکان ودارستانەکانی ئیلام بە دارەبەن و داری بەڕوەوە زۆر قەرەباڵخن وسالانە لە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە زیاتر لە ١٠٠٠٠ کیلو بنێشت بەرهەم دەهێنرێت، وشاخەکانی ئیلام شوێنێکی زۆر دەوڵەمەندن بۆ دەسکەوتنی گیا دەرمانیەکانی جۆراوجۆر بۆ دەرمانکردنی زۆرێک لە نەخۆشیەکان.

ئیلام پارێزگایەکی زۆر کۆن ومێژۆییە و هەر لەسەردەمی حکومەتی مادەکانەوە ( ماد یان میدیا ) بەهۆی سرۆشتی ڕازاوەی سەرنجی پاشا گەورەکانی ڕاکێشاوەو زۆر جار کراوەتە پایتەختی ئەو حکومەتەنە و هەمیشە وەک مەڵبەندێکی گرنگ ، پڕبایەخ بیری لێکراوەتەوە وئاسەواری بیناسازی ورێگاسازی وپرد و قەڵا وئاگرگا ( آتشکدە)، تا ئێستاش بەشێك لەوئاسەوارانە هەرماونەتەوە. کە ئەتوانێ زۆرێک لە گەشتیاران و توریستەکان لە کوردستان و هەندەران بۆ لای خۆی رابکێشێت کە رژیمی ئێران هیچ کاتێک نەیویستوە ئەو دەرفەتە بۆ پارێزگای ئیلام برەخسێنێت.

هەروەها ئیلام بەهۆی رابردوی کۆن و دوور ودرێژی، پڕە لە ئاسەواری دێرن و مێژۆیی کە لەمەڵبەندە جیاوازەکانی ئەو پارێزگایە لە خاکدا نێژراون و لەبواری کەلتوری و مێژۆییەوە زۆرزۆر بەنرخ و پڕبایەخن، کە بەداخەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانیەوە خارەت ئەکرێن و بە نرخێکی زۆر فراوانەوە ئاڵو وگۆریان پێدەکرێتەوە.

پارێزگای ئیلام لە خۆرئاوای ئێرانەوە ۲۰۱۳۳ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە، لە لای باکورەوە هاوسنووری کرماشانی پایتەختەو لە لای باشورەوە هاوسنوری خوزستانەو، نزیکەی ٤۳۰ کیلومیتریش لە گەڵ باشوری کوردستان وهێندێک لە ناوچەکانی باشوری ئێراق هاوسنوورە. لە ڕووی خۆرئاواشەوە تێکەڵی پارێزگای لوڕستان دەبێت.

هیندێک لە سەرچاوە مێژوویەکان باس لەوە دەکەن کە پارێزگای ئیلام لە بەر هۆکاری جوانی و هەڵکەوتە سروشتییەکەی، سەرەڕای سەدان بەڵگەی مێژووی لە سەر دەسەڵاتداریتی کوردستانی لە ناوچەکەدا، بەڵام هەمیشە ناوەندی گەشت وگوزاری بابلی وسۆمەری وئاشورییەکانیش بووە. هەر بە پێێ ئەو سەرچاوە مێژوویانە، بە پێێ بەڵگەکانی ئاسەوارناسی جیهانی بە ناوی (مارسل دیو لافوئا) وخێزانەکەی جین، واپێناسە دەکرێت کە نزیکەی ۸ هەزار ساڵ پێش لە میلادی دوو جۆرە بەرهەمی کشت و کاڵی وەک گەنم و جۆ لە ناوچەکە هەبووەو کەڵکی بۆ خواردن لێوەرگیراوەو و هەروەها هەردوو گیانلبەری وەک مەڕو بزن لەم وڵاتە وەک بژیوی ژیانی ئەو خەڵکە بووە. هەروەها ئاماژە بە زۆر شۆێنی ئاسەواری و مێژووی ئەو ناوچانە دەکەن بە تایبەت هیندیک شۆێنی دیڵۆران و تەپەی سەوز، تەپەی خەزێنە، تەپەی مێمەو تەپەی بەیات و زۆر شۆینی دیکە.

شارو و شاروچکەو ناوچەکانی سەربە پارێزگای ئیلام بە کورتی بریتین لەم

شارانەی خوارەوە.

ئاودانان. ئیلام. ئەیوان. دەرەشار، دێهلوڕان. شێروان وچەرداوڵ. مەلەکشاه. مێهران. ئاســـمان ئاوا. ئەرکەواز. بەدرە. بەهلە. تەوحید. چەوار. زەڕنە. ســـەراوڵە. ساڵح ئاوا. لۆمار. مورموری. مۆسیان. مێهران، مێمە.



**ئاودانان.** ژمارەی دانیشـــتووانی ئاودانان ٥٤٢٥٠ کەسە، خاوەنی چەندین گوندە کـــە بە ناوبانگترین و جوانترین گوندیان گوندی چەمی کەبودە. لەم گوندەدا زۆر لە شتە ئاسەوارییە ســـەیرەکانی مێژووی دەبینرێت. ئاسەوارە مێژووییەکانی ئەم گوندە خاوەنی هەزاران ســـاڵ مێژوون. وەک قڵاو شاری مێژووی جولیان کە هەڵکەوتووی باکـــوری ئەو گوندەیە، کێوی کەروەدەت و تەنگەی خرســـی کە لە دامێنی کێوی مەزن هەڵکەوتوو. هەر لە نێۆ گوندەدەکەدا چەمی کەبود و جۆگە کانی و هەروەها خرێنە و مەوجی لەســـون کە تێپەڕدەبن، جوانییەکی تایبەتی بەم گوندە دەبەخشـــن. کاری گوندنشـــینان زیاتر بەمەڕو ماڵات بە خێوکردن وکشت وکاڵەوە سەرقاڵن، هەر لەم گوندەدا زاراوەکانی فەیلی ولەکی بە کار دەهێنرێت.

ئاســـمان ئاوا: یەکێکە لە شـــارەکانی دیکەی سەربە ئیلام، لە بەخشی شارستانی شێروان چەرداوڵ هەڵکەوتوو، ژمارەی دانیشتووانی ئاسمان ئاوا لە ٦٤٥٠ کەسن.

**ئەیوان.** کە بە پێیێ دوایین ســـەرژمیری ئەم شارە سەرسەوزە ژمارەی دانیشتووانی

دەگەنە ٢٨٢٣٣ کەس. ئەم شارە کەوتووەتە دوورترین نوقتەی باکوری شاری ئیلام. ناوی پێشـــووی ئەم شـــارە جویزەر بوو. خاوەنی زۆر ئاسەواری مێژووی و ئاینییە، لە سەرەوەی هەموویان تاقی شیرین و فەرهاد و ئەشکەوتی تەڵسم، و سەیرانگای خۆران، نموونەی جوانی وناوداری ئەم شـــارەن. شارە مێژووییەکانی ماسزان زەرنە لەم شارەدا هەڵکەوتووە. ئەم شـــارە خاوەنی ئاو هەوایەکی مام ناوەندییە و لە کەناری دارستانی زاگرۆس لەنێوان دووکیوی بانکۆڵ و شەرەزۆر هەڵکەوتووە. ئەم شارە لە١٢٠کیلۆمیتری کرماشان و ٤٥ کیلۆمیری ئیلام هەڵکەوتووو، ئەم شارە٢ زانکۆی تێدایە.

**دەرەشـــار:** ئەم شارە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا چەندین جار وێران و ئاوەدان بووەتەوە یەکێک لە مێژووە دیارییەکانی وێرانکاری ئەم شـــارە دەگەڕێتەوە بۆ شـــەر ولەشـــکرەکانی عەرەب وعاشور. هیندێک لە سەر چاوەکانی مێژوو باس لەوە دەکەن کە ئەم شـــارە یەکێک لە پایتەختەکانی کۆنی ماداکتۆ واتە پایتەختی ئیلام بوو. هەروەها واباسدەکرێت کە ئەم شارە یەکەمین شاری دروستکراو بێت لە ئیلام، کە لە هێرشی ئاشور بانی پاڵ وێران بوووە. پاشان لە سەر دەمی ئەشکانیان نۆژەن کراوەتەوە. لە سەردەمی ساسانییەکان بەردەوام نۆیکراوەتەوە گرنگی پێدراوە.

شۆینە ناودارەکانی ئەم شارە کە گەشتیار سەردانی دەکەن بریتین لە

١. تەنگی بارام حوسن
٢. ڕووباری سیمرە .
٣. پاشماوەکانی شاری مێژوویی ماداکتو
٤. ئاوفشاری ( تافگە ) گوندی سور ئاوا .
٥. قەڵای شێخمەکان
٦. ئیمامزادە باباسیفەدین
٧. پێڵی ( پرد ) مێژوویی ســـێمرە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ساسانیەکان .
٨. قەڵای هاشم ئاوا
٩. بەرزاییـــەکان و جوانـــی کەژی مەزن کە بە فارســـی پێـــی دەگوترێ (کبیرکوە)
١٠. قەڵای هەزار دڕ

**دێهلوڕان** : ژمارەی دانیشـــتووانی ٢٤٢٥٠ کەسە. هاوسنووووری ئێراقە. زاراوەی ئەو ناوچەیە بریتیە لە فەیلی و ئاینی ســـەرەکی ئەو ناوچە ئیسلام شیعەیە. بەرزایی لە ســـەر دەریا ١٧٨ مترە. بە دووهەمین شاری مەزنی ئیلام مەزندە دەکرێت لە ئاست سەر ژمێرییەوە.

**شۆێنە ناودارەکانی دێهلوڕان کە بریتین لە زۆر شۆینی مێژووی و بەربڵاو.**

١. ئیمامزادە ئیبراهیم قەتال
٢. ئیمامزادە سەید ئەکبەر
٣. ئیمامزادە سەید ئیبراهیم
٤. ئیمامزادە سەید ناسرەدین
٥. ئیمامزادە سەید فەخرەدین
٦. ئیمامزادە عەباس
٧. گۆڕستانی سەید یوسف
٨. شاری میر (جابر انصار)
٩. قەلای شەواخ
١٠. قەڵای هەنجیر
١١. کانی ئاوگەرم
١٢. کانی قیر
١٣. ئەشکەوتی هۆیەر (چاه شوره)
١٤. ئەشکەوتی خەفاش
١٥. سەیرانگای گەشتیاری هۆیەر
١٦. تەپەی مێژووی عەلی کەش
١٧. ناوچەی خەو شکاوی ئاوارا لە نزیکی بەشی موسیان
١٨. ئەشکەوت و کانییە سروشتییەکانی گوندی بێشە هەلکەوتوو لە نزیک ٣٠ کیلۆمیتری دێهلوڕان
١٩. تەپەی عەقرەو، خاوەنی بە ناوبانگترین عەقرەوە( دووپشک ) ( جۆرە گیان لەبەرێکە )
٢٠. سەدی خەزینەی ئاوی دۆیرج
٢١. ناوچەخۆشەکانی ئاو وهەواری نەسریان، کەبە شوێنی گەورەپیاوی ئاینی

ئیبراهیم قەتال ناسراوە
٢٢. قەڵای سکەیسان لە گوندی بەردێ
٢٣. عەوت تاڤگەی متوالی، هەڵکەوتوو لە گوندی خەرۆزان، لە ٢٠ کیلۆمەتری بەشی زرێن ئاوا.



**شێروانچەرداوڵ.**
شێروان چەرداوڵ یەکێکە لە شارستانەکانی پارێزگای ئیلام. کە ناوەندەکەی شاری سەراوڵەیە.

بەخشی شێروان. یەکێکە لە بەشەکانی شارستانی شێروان چەراودڵە. ئەم ناوچە لە باکـــوری خۆرهەلات لە ١٠٠ کیلۆمیتری ئیلام هەڵکەوتووە. یەکێکە لە ناوچە پڕ بەرەکەتەکانی ئیلام. ناوەندی ئەم بەخشەش شاروچکەی لۆمارە. ئەم ناوچە بە هۆی بەرەکەتی فرە ئاوی گەورە رووباری سێمرە هەمیشە ناوچەیەکی سەوزەوبە تایبەت لە وەرزی بەهاردا بە جوانترین ناوچەی پارێزگا دەبینرێت و گەشـــتیارێکی زۆ ڕووی تێدەکەن و شاری مێژوویی ســـەراوکەلان پایتەختی ساسانیەکان بوەو زۆرنا ودهۆڵی تایبەت بە چەمەری و رۆرۆی ٥٠٠٠ ساڵ لەمەو پێشی لێدۆزراوەتەوە .

بەشی چەرداوڵ : بەشی چەرداوڵ لە داوێنی باکوری زەنجیرە کێوەکانی زاگرۆس هەڵکەتووە. خاوەنی ئاو هەوایەکی شـــاخاوی و ســـازگارە. ئـــەم ناوچەیە لە دوو

شاروچکەی شاخاوی و دەشتی پێکهاتووە. لە بەشی شاخستانی بەشێک لە دارەکانی بــەڕو بادامی شـــاخی، قەزوان یا قەزقەوان کە لە ئیلام پێـــێ دەوترێت ون ، کێکم، جەوگ( ئەرجن) و بەنەمەشکە( گۆن) دەبینرێت. هەر لە بناری شاخەکەدا شوێنی بە خۆی کردنی مەرو ماڵاتی زۆر باشی تێدایە. سەرژمێری گشت دانیشتووانی سەر بە شارستانی شێروانچەرداوڵ نزیکەی ٧٦٢٠٠ کەسە.

**ئیلام: لە سەرەتایی پێناسەوەکە باسی ناوەندی شاری ئیلام کراوە. تکایە ئەوەی سەرەوە بخوێنەوە.**

**مەلەکشاە** : یەکێکە لە ناوچە ناودارەکانی ئیلام، کە ناوەندی ئەم ناوچەیە.
ئەرکەواز. حاکمی ئیلام لە ســـەردەمی سوڵتان مەلەکشای سلجوقی لە ناحیەی ئەرکەواز، بەو شێوە پێناسە کردوە، ئەرک،پایتەختی واز، یانی پان، کە خاوەنی قڵاو برجی تایبەتی بووە.
تیرەی مەلەکشـــا بە دوو دەســـتەی کرزینوەند و هۆردە دابەشـــبوون، کە پێکدێن لە نەقی،خەمیس، رۆسگە، خوادا. کازم بەگ، حسێن بەگ، شوکر بەگ، مەڵگە، کلۆند، کەناریوەند، گەراوندی، خێرشـــە، کۆکی، ئەما، ســـێرانە، مەهر، گوڵگوڵ، رەسولۆند، کەنیاینە، باوڵگ، قەیتول، خرزینوەند،گلان، خەلیلوەند، جومعە، ئەلی نەزەر .
خەڵکی مەلەکشای بە تفەنگچی و جوامیر و میوان پەزیر ناسراون. ئیرەجی ئەفشار سیستانی لە بواری ئەوان بەم شێوە بە هەڵبەستەکانی هەستی خۆی بۆ مەلەشایەکان دەربرێوە. بە تایبەت لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی شاموحەممەد یاری لە سەردەمی ڕەزا شادا بەرپابووە.

شامحمد چو شێر دە فێر فەت بو　　هزار نیروێ ئامادە خط بو
کی چو شامگە دە تاریخ نام برد؟　　دە سپای میرپنج لهشکر کهشی کرد؟
شامگە نقی دە و دە سە شێرهیل　　حە یف تاسەر نهما دە ور دهلیرهیل
دە ور دەلیرەیل حهیف نەما تاسەر　　شامگە نقی دە تهخت و مەمبە ر
شاهی شامگە چو نادر ئەفشار　　سەفتە دە تاریخ سەد دەور و روژگار

**( شـــامحەمەدی یاری ســـەرداری بەناوبانگی کوردی ئیلامی بووە کە سەرۆکی راپەڕینی دژ بە رەزاخان ( میرپنج ) گەورەترین پاشای سەوردەمی پەهڵەویەکانی ئێران بووە )**

**وەرگەڕان بۆ سەر زاراوەی سۆرانی:**

شامحەمەد وەک شێر بەدوای دەرفەتێک بوو
هێزەکانی بە هەزارکەسەوە ئامادەی هێرش بوو
کێ وەکو شامحەمەد ناوی لەمێژوویە ؟
کێ وەکو ئەو توانی بەرانبەر بە سوپای رەزاشا رابوەستێ؟
شامحەمەد کە سەرۆکی شێرەکان بوو
حەیف کە تاسەر نەما و نەیتوانی بۆ هەمیشە ببێتە پاشا

ناوی شامحەمەد وەک ناوی نادرپاشای ئەفشار لە مێژوودا ماوەتەوە بۆ هەتاهەتایە . هەروەها لە ناوچەکانی مەلەکشایی هۆرەو چەمەرانەو هەڵپەرکێی تایبەتی خۆیان هەیە. کە زۆر جیاوازە لە ناوچەکانی دیکەی ئیلام.

## ئاسەوارە مێژوویەکانی ناوچەکانی مەلەکشایی

١- ئارامگای سەید موحەمەد عابد (گنبد پیرمحمد) هەڵکەوتوو لە ١٨ کیلۆمیتری شاری مەلەکشای لە ڕێگای مەلەکشایی بۆ میران هەلکەوتوو.

٢- چوار تاقی کۆشـــکی قینەفەر، کە لە ئاســـەوارەکانی بە جێماوەی دەورانی ساســـانییە، کە ٥ میتر بەرزایی و٢٧ میتر پانایی هەیە، بە گەچ وبەردی مێژوویی دروستکراوە. کە لە چوار دیواری بەردو گەچینە. ئەم شوێنە مێژوویە وەک پەشمین مەلەکشایی لە کەنار کانیاوێکی جووان و باخچەیەکی ڕازاوە کە میوەی هەنجیر و زەیتووندایە.

٣- لە خۆرئاوای شـــاری ئەرکەواز ئاســـەوارێکی دێرن کە قەڵایەکی دێرینە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بە قەڵای جووق نوی دەبەن. هیندێک لە دانیشتووانی ئەو دەڤەرە وا بۆی دەچن کە ئەم قەڵایە قەڵای سلجووقیەکان بێت و کە لە سەردەمی دەسەڵاتداری خۆیان وەک بەندیخانە کەڵکیان لێوەرگرتبێت.

٤- لە سێسەدمیتری گوندی گوڵگوڵی مەلەکشایی، کەتیبەیەک کە خەتی مێخی

دێرینی لە سەر نووسراوە ئەویش لە سەر کانی و جۆگەیەکی تایبەت هەڵکەوتووە، کە بە پێی نووســـراوەکە وا نیشان دەدرێت کە هی هەزارەی یەکەمی پێش میلادی بێت. لە بەشـــی سەرەوەی ئەو کەتیبەیە کە بەنی ٣ میتر لەسەر ئەرز وبە بەردی حیجاری چەند دیکۆر وێنەیەکی جوان دروستکراوە کە وێنەی پیاوێکی ردێن درێژی لە سەر بە ڕووی خوار ئاوای گوندەکەدا دەڕوانێت.

**بەدرە.** شـــارێکی سەر بە شارستانی دەڕەشـــاری پارێزگای ئیلامە. ئەم شارە لە خۆرهەڵاتی پارێـــزگای ئیلام هەڵکەوتووە. ئاو و هەوای ئەم شـــارە مامناوەندییە، بەرزترین کێوی ئەم ناوچەیە قلایی وزریین بە بەرزایی ٣٢٠٠ میتر لە سەرەوەی دەریا هەڵکەوتووە. سەرژمێری دانیشتووانی ئەم شارە نزیکەی ٤٢٣٥ کەسە.

**پەڵە.** ناوی دێرینی ئەم شارە زەرینئاوا بووە. ئەم شارە سەربە شارستانی دێهلوڕانە. لە ١٢٢ کیلۆمیتری باشوری شاری ئیلام هەڵکەوتووە. سەرژمیری ئەم شارە نزیکەی ٥٤٧٥ کەسە. بە زاراوەکانی فەیلی و لەکی لە ناوچەکانی پەڵە قسە دەکرێت. ئەم شـــارەش وەک شارەکانی دیکە خاوەنی چەندین ئاسەواری مێژووی شۆێنی تایبەتی گەشت و گوزار و مەزارگایە.

١- ئاوی میمە یەکێکە لە شۆێنە ناودارەکان.

٢- بەشـــێک لە کێوی مەزن بەم شارەدا تێدەپەڕێت، کە نزیکەی ١٥ کیلۆمیتری ناوچەکانی پالە دەگرێتەوە.

٣- قلایـــی کلاوەنـــدی کـــە ١٧١٦ میترە، لـــە دە کیلۆمیتری باکوری شـــار هەڵکەوتووە.

زەڕنە. شاری زەڕنە نزیکەی ١٢ هەزار نەفەر سەرژمێری هەیەوە لە ١٥ کیلۆمیتری ئەیوانی غەرب هەڵکەوتووە، ئەم شارە دەکەوێتە نزیکی سنووری سۆمار و لە خۆرئای نەوت شـــاری پارێزگای کرماشان لە ٧٠ کیلۆمیتری ئەم شارە هەڵکەوتووە، خەڵکی ڕەسەنی زەڕنە لە کوردە کەلهورەکان پێکهاتوون.

سەراوڵە. ئەم شـــارە دەبێتە ناوەندی شارستانی شـــێروان چەراودڵ بە هۆی بوونی کانیاوێکی زۆرە، ئەم ناوچەیە بە ناوچەیەکی کشت و کاڵی باش ناودارە، بەتایبەت برینجەکەی واتە برینجی عەنبەربو نموونەیە، کە خەڵک لە ئێراقیشەوە لێیان دەکڕن.

ســـەراوی باخ. سەر بە شارستانی ئاوادانانە. ئەم شارە لە ساڵی ١٣٨٧ئێرانی وەک شار ناسراوە.



**ســاڵح ئاوا.** سەر بە شارستانی مێهرانە، جادەی نێوان ئیلام مێهران ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بە باشوری ئێراق دەبەستێتەوە. کە لە سەر ئەو ڕێگایە گەشتیارێکی زۆر بەرەو زیارەتگاکانی ئێراق وەک کەربەلاو نەجەف دەڕۆن. هەروەها شوێنی گوازتنەوەی بازرگانی دوولایەنەیە. یانی لەو ســـنوورەدا ســـەرچاوەی ئابوری بە هێزە بۆ داهاتی کوردســـتان و ئیلام. بە پێی ســـەرژمێریکی مامناوەندی کە ڕۆژانە زیاتر لە ١٥٠٠ لۆری بارهەڵگر و زیاتر لە ٤٠ کاروانی گەشت و گوزار بۆ زیارەتگاکان لەو سنوورەوە تێپەر دەبن.

**لۆمار.** دەبێتە ناوەندی شاری شێراونی لە شارستانی شێراون چەراودڵە.

مورموری. ســـەر بە بەشی کەلاتی شارستانی ئاوادانانە. سەرژمێرەکەی نزیکەی ٤٧٨٠ کەسە ونزیکەی ٥٠٠ بنەماڵەیە. ئەم شارە خاوەنی ئاو هەوایەکی نیمە وشکە، بە قودرەتی ٣٥٠ میلیمیترە لە ساڵدا. نزیکە بە کەش و هەوای پارێزگای خوزستان. هەروەها خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆری ئابورییە وەک، گاز، نەوت، گوگرد، و ئاوی دەریاچەی کەرخە. ئەم شـــارە لە ساڵی ١٣٨٤ی ئێران بووەتە شارستانێکی سەربەخۆ.

زۆرینەی دانیشـــتووانی کوردی لورن لە ئیلی بە ناوبانگی کایەدخۆرەی لورستانن. خاوەنی کشت و کاڵێکی باشیشن.

**مۆسیان.** سەر بە شارستانی دێلهۆڕانە، یەکێکە لەو شارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی ســـەرچاوەیەکی زۆری ئابوورییە، وەک دەرهێنانی نەوت، کە زۆر جار لـــە لایەن حکومەتـــی ئێراقەوە هەوڵدراوە نەوتی ئەو ناوچەیە بدزرێت و ببرێتە ســـەر خاکی ئەوانەوە، ئەویش کێشـــەیەکە لە دوارۆژدا پێویســـتە کوردەکانی ڕۆژهەڵات وریایی بن و حەڵاڵی ئێراقی نەکەن. هەروەها مۆســـیان یەکێکە لەو شـــارانەی کە خاوەنی ئاســـەوارێکی زۆرە، بە تایبەت هاوسنووری ئێراقە. نزیکەی ٢٢ کیلۆمیتر لە شـــاری دێلهۆران دوورە، ئاسەوارە ناودارەکانی هی سەردەمانی دەسەڵاتدارێتی ماد و هەخامەنشـــینی و ساســـانییەکانە کە لە ناوچەکان خاوەن دەسەڵات بوون. هەروەها جۆگەیەکی بچووک بە ناوی دۆرج بە نێو ئەو شـــارەدا تێدەپەڕێت و ئاو هەوایەکی لـــە زســـتاندا مامناوەندی و لە هاویندا گەرمایەکـــی زۆری هەیە. لە هیندێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە چەندین کەرەســـەی تایبەتی نێۆ ماڵ دروست دەکرێت کە لە ناوچەکانی ئیلام بە ناوبانگن. خەڵکی ئەو ناوچەیە بە زاراوەی لوڕی وکەڵهوری و هیندێکیشـــیان بە هۆی هاوســـنووری ئێراقەوە بە عەرەبی قسە دەکەن. ناوچەی مۆســـیان ناوچەیەکی کشـــت و کاڵەو زۆربەی بەرهەمەکانی کشـــت وکاڵی لەم ناوچانـــە وە بەرهەم دێنن، کە هیندێـــک لەو گیانەی کە دەکرێنە ڕۆن لەو ناوچانە بەرهەم دەهێنرێن. لە بواری کەشوهەواشـــەوە ناوچەیەکی زۆر گەرمە و خورماکەشی بە ناوبانگە. ئەم شارە لە ساڵی ١٣٤٥ ی ئێرانی بووەتە شار. ئەم شارە لە ساڵەکانی ١٩٧٩ و تا ١٩٨٨ بە هۆی شەڕی نێوان ئێران و ئێراقەوە، چەندین جار لە لایەن هەردوو حکومەتەوە وێران کراوە.

**مێهران :** ناوەندی شارســـتانی مێهرانە. لە ١٠٠ کیلۆمیتری باشوری خۆرئاوای ئیلام- دێهلوڕان هەڵکەوتووە. ئەم شـــارە بە٤ بەش دابەشـــکراوە. کە بریتین لە فەرخ ئاوا، هورمز ئاوا، ڕۆســـتەم ئاواو ناوەندی شار. لە خۆر ئاوای ئێراقەوەهاوسنووری ئەو وڵاتەیە. لەمێهران تابەغدا١٧٥کیلۆمیترەو تا کەربەلا ٢٩٠ کیلۆمیترە. ئەم شارە پێشتر ناوی مەنسور ئاوا بووە بەڵام بەمەبەستی ئاسیمیلاسیۆنکردنی لەساڵی ١٣٠٩ی ئێران

ناوەکەی گۆڕاوە. خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆربەیان لە دەوارنشین و ئێلەکانی ئەرکەوازی و مەلەکشـــایی و شۆهانی وگەجی پێکهاتوون. ئەم شارو ناوچانەش کەهاو مەرزی ئێراقن لە دوارۆژدا بە ناوچەیەکی کێشە لە سەر چاوەڕێ لێدەکرێت، وەک لە خەڵکی ئەو دەڤەرانە بیســـراوە کە زۆر جار ئێراق باســـی لە ئێراقی بوونی ئەو ناوچانە کردوە و پێویســـتە کورد خۆی لە بواری بەڵگەیی مێژووییەوە بۆ ئەو کێشەیە لە دوارۆژدا ئامادە بکات.

سنووری هاوردەو ناردنی مێهران بە چالاکترین سنووورەکانی ئیستای هەردوو وڵاتی ئێران و ئێراق ناســـراوە، ئەگەر کورد بتوانێ لە دوارۆژدا ببێتە خاوەنی ئەو ســـنوورە، ئەوا هیچی لە داهاتی سنووری ئیستای ئیبراهیم خەلیل بۆ کوردستان کەمتر نابێت. سنووری مێهران لە ساڵی ١٣٨٢ لە سەر ڕەزامەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک سنووڕێکی رەســـمی ناسراوە. خەڵکی میهران بە خەڵکێکی ئاینی ناسراون، و لەبەر ئەوەی شارێکی هاوسنووری شارە ئاینییەکانی ئێراقن.

**مێمە:** شارێکە لە بەشی زرێن ئاوای شارستانی دێهلوڕان. ژمارەی دانشتووانی لە سەرەوەی ٣٢٥٠ کەسەوەیە. ئەم شارەش بە یەکێک لە شارە گەشتیارەکان ناسراوە، کە زۆر تاڤگە ئاوی تێدایە. تەپەیی مێمە یەکێکە لەو شوێنە دێرینانەی ئەو دەڤەرە کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٤٥٠٠ ساڵ پێش میلادی.

ئیلام یەکێکە لەو شارە گرنگانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی سنوورێکی زۆری ئابوورییـــە لەگەڵ حکومەتی ئیراق، هەرێمی کوردســـتان، ئەحواز هتد،، کە خاوەنی پێشـــەزازی پتروشـــییاوگازو نەوتە. وێدەچێت لەوە زیاتر بێت وچوون هیچکام لە ســـەرچاوانەی کە سەر بە ئێرانن ناتوانن ڕاستی کوردستانی بوونی ناوچەی ئیلام دەربخەن، بە هەوســـی خۆیان ناوچەکانی کوردستان دەقرتێنن ودەیخەنە سەرناوچەی دیکە.

ئیلام بێجگە لە سەرچاوە سامانە ژێر زەوییەکان و کشت وکاڵیش هاوکات ناوچەیەکی شاخاوی پڕە، کە ئەویش بە شێکە لە سەرچاوەی ئابوری وڵات، وەک داری جۆراو جۆر، بەردی جۆراوجۆر، داری بنشێت و میوەجاتی هەمە ڕەنگە. زۆربەی گیانلەبەرەکان لە ئیلام هەن. هاوکات شاخە ناودارەکانی گرێدراو ب زەنجیرە شاخەکانی زاگرۆزە. کە لە

نەخشەکانی جیهاندا زۆر بە باشی دەبینرێن. خاوەنی سەدان شاخ و تەپەو گردو ناوچەی ناوبانگ و بە پیتە. کە مخابن زۆربەی خەڵکەکەمان لە ئاشنایی بەو ناوچە گرنگەو هیندێک لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکەمان ئاشناییان نییە. ئەم شارە چەندین جار توانیویتی سەربەخۆیی خۆی لە ژێر چنگی دەسەڵاتداری جۆراوجۆری ئێرانی وبابلی وئاشوری بە دەست بێنێت. لە درێژایی مێژوودا لە ئیلام چەندین دەسەڵاتدارێتی جۆراو جۆر هەبووە. فەرمانڕەوایی وپاشـــایی وئیمپراتۆری هەبووە. زۆر لە مێژوو نووسانی فارسی ئەو مێژووەی ئیلام بە شانازی مێژووی ئێران ناو دەبەن، نووسەرە عەرەبەکانیش ئیلام بە عیلام ناودەبەن و دەیکەن بە مێژوویی ئێراق وسۆمەرییەکان.

هەروەهاچەندین جار هێرشی بێبەزەییانە کراوەتە سەر ئیلام و قەتڵ و عام وکوشت وکوشتاری زۆربووە. ئیلام لە مێژوودا گەلێک دەوڵەمەندە، دەبێت مێژوونووس و ئیلام ناسەکان بەباشی خۆیان لەو مێژووە دێرینە بدەن، من تەنیا لەم نووسینە مەبەستم ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بزانن خاوەنی چەندین شارو ناوچەی دەوڵەمەندی بواری ئابوری ومێژووین. هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد کە لە مێژووی ئیلامدا زۆر دەسەڵاتدارێتی جۆراوجۆر لە ساڵەکانی پێش میلادی و پاش میلادی هەبووە، لێرەدا لە پەرتووکی ( تاریخ تمدن ایلام باســـتان ) کە بە زمانی فارسی نووسراوەو زۆر لە مێژووی ئیلامی بەرەو ئیرانی لیزم و فارسی لیزم کردوە، بەڵام ئەو زەنجیرە دەسەڵاتدارێتیەی ئیلام کە لەو کتێبەدا ساڵ وناوەکان هاتووە وەک خۆی لە خوارەوە بۆ خۆێنەران دادەنێم، کە بۆ ئەوەی بزانین شارەکانی کوردستان چەندە لە گەڵ مێژوو تێکەڵن.

سلسله و پادشاهان ایلام باستان
ایلام باستان دارای نه سلسله بوده است که به ترتیب قدمت ذکر می کنیم
سلسله اول آوان (۲۵۷۰-۲٤۷۰ ق.م )
شاه اول (?) ۲۵۷۰-۲۵۳۰
شاه دوم (?) ۲۵۳۰ — ۲۵۰۰
شاه کوریشاک ۲۵۰۰-۲٤۷۰
سلسله دوم اوان ( ۲٤۷۰ ۲۱۳۸ ق.م)
شاه پلی ۲٤۷۰ — ۲٤۵۰ ق.م
شاه تاتای اول ۲٤۵۰-۲٤۲۵ ق.م
شاه اوکوتامش ۲٤۵۰-۲٤۰۰ ق.م

شاه هیشور ۲٤۰۰-۲۳۷٥ ق.م
شاه شوشونتارانا ۲۳۷٥-۲۳٥۰ ق.م
شاه ناپیلهوش ۲۳٥۰-۲۳۳۰ ق.م
شاه کیکو-سیوه-تمتی ۲۳۳۰-۲۳۱۰ ق.م
شاه لوه ایشان ۲۳۱۰-۲۲۸٥ ق.م
شاه هیشپ – راتپ ۲۲۸٥-۲۲٦۳ ق.م
شاه هلو ۲۲٦۳-۲۲٤۳ ق.م
شاه هیتا ۲۲٤۳-۲۲۰۳ ق.م
شاه کونیک –اینشوشیناک ۲۲۰۳-۲۱۸٥ ق.م
سلسله اول سیماشکی ۲۰۷۰-۲۰٤۰ق.م
شاه تازییای اول ۲۰۷۰-۲۰٦۰ ق.م
شاه اپارغی اول ۲۰٦۰-۲۰٥۰ ق.م
شاه تازیتای دوم ۲۰٥۰-۲۰٤۰ ق.م
سلسله دوم سیماشکی
شاه گیرتابه ۲۰٤۰-۲۰۳۰ ق.م
شاه لوراک – لوهان ۲۰۳۰-۲۰۲۲ ق.م
شاه هوتران تپتی ۲۰۲۰-۱۹۹۰ ق.م
شاه کینداتو ۱۹۹۰-۱۹۷۰ ق.م
شاه ایندای اول ۱۹۷۰-۱۹٤٥ ق.م
شاه تان –روهوراتو ۱۹٤٥-۱۹۲٥ ق.م
شاه ایناداتوی دوم ۱۹۲٥-۱۹۰۰ ق.م
شاه اینداتوناپیز ۱۹۰۰-۱۸۷٥ ق.م
شاه ایندادتو-تمتی ۱۸۷٥-۱۸٥۰
سلسله اپارتی ۱۸٥۰-۱٥۰۰ ق.م
شاه اپارتی دوم ۱۸٥۰-۱۸۳۰ ق.م
شاه سیدماها ۱۸۳۰-۱۸۰۰ ق.م
شاه سیرکتوه اول ۱۸۰۰-۱۷۷۰ ق.م
شاه سیموت-وارتاش ۱۷۷۰-۱۷٦۸ ق.م
شاه سیوه-پالار-هوپاک ۱۷٦۸-۱۷٤٥ ق.م
شاه کودو زولوس اول ۱۷٤٥-۱۷۳۰ق.م

شاه لیلا ایرتاش ۱۷۰۰-۱٦۹۸ ق.م
شاه تمتی-هالکی ۱٦٦٥-۱٦٥۰ ق.م
شاه کوک ناشور دوم ۱٦٥۰-۱٦۳٥ق.م
شاه کوتر سیلماهای اول ۱٦۲٥-۱٦۰٥ ق.م
شاه تمتی رایتاش ۱٦۲٥-۱٦۰٥ ق.م
شاه کودوز ولوش سوم ۱٦۰٥-۱٦۰۰ ق.م
شاه تاتای دوم ۱٦۰۰-۱٥۸۰ ق.م
شاه آتا-مرا-هالکی ۱٥۸۰-۱٥۷۰ ق.م
شاه پالا-ایشان ۱٥۷۰ — ۱٥٤٥ ق.م
شاه کوک کیروش ۱٥٤٥-۱٥۲۰ ق.م
شاه کوک ناهونته ۱٥۲۰-۱٥۰٥ ق.م
شاه کوتر ناهونته دوم ۱٥۰٥-۱٥۰۰ ق.م
حکومت هورپاتیلا۱۳٥۰-۱۳۳۰ ق.م
خۆێنەری بەریز ق.م به مانای پێش میلادی دێت .
سلسله ایگه- مالکی
شاه ایگه-مالکی ۱۳٥۰-۱۳۳۰ ق.م
شاه پاهید-ایشان اول ۱۳۳۰-۱۳۱۰ ق.م
شاه آتار کیتاه ۱۳۱۰- ۱۳۰۰ق.م
شاه هومان- نومنا ۱۳۰۰-۱۲۷٥ ق.م
شاه اونتاش — ناپیدیشا (گال)۱۲۷٥-۱۲٤۰ ق.م
شاه اونپاتار — ناپیدیشا ۱۲٤۰-۱۲۳٥ ق.م
شاه کیتن — هوتران ۱۲۳٥-۱۲۱۰ ق.م
سلسله شوتروکی ۱۲۰٥-۱۱۰٥ ق.م
شاه هالوتوش —اینشوشیناک ۱۲۰٥-۱۱۸٥ ق.م
شاه شوتروک —ناهونته اول۱۱۸٥-۱۱٥٥ ق.م(قدرتمندترین و مقتدرترین شاهان ایلامی)
شاه کوتیو-ناهوته۱۱٥۰-۱۱۲۰ ق.م
شاه شیلماک-اینشوشیناک اول ۱۱۲۰-۱۱۱۰ ق.م
شاه شیلمانا-هامرو-لاکامار ۱۱۱۰-۱۱۰٥ ق.م
دوران فترت ۱۱۰٥-۷٦۰ ق.م
هەروەها لە سـەردەمانێکدا کە ئیلام حکومەتەکەی لە دەستدابوو، ئاشوریو بابلییەکان لەو ماوەدا حوکمدارییان لە ناوچەکەدا هەبووە.

سلسله ایلام نو ٧٦٠-٦٤٤ ق.م
هومبان-تاهراه ٧٦٠-٧٤٢ ق.م
هومبان- نیکاش اول ٧٤٢-٧١٧ ق.م
شاه شوتروک-ناهونته دوم ٧١١-٦٩٩ (دارای کتیبه های فراوان)
شاه هالوشو-اینشوشیناک ٦٩٩-اکتبر ٦٩٣ ق.م
شاه کودور-ناهونته ٦٩٣-جولای ٦٩٢ ق.م
شاه هومبان نیمنا جولای ٦٩٢-فوریه ٦٨٨ ق.م
شاه هومبان – هالتاش اول فوریه ٦٨٨-اکتبر ٦٨١ ق.م
دوران اول تفرق حکومت در سلسله ایلام نو اکتبر ٦٨١-٦٤٤ ق.م
ماداکتو واته ماد شوش
هومبان- هالتاش (٦٨١-٦٧٥) شیلماک-اینشوشیناک دوم
اورتاکی (سپتامبر٦٧٥-٦٦٤) تپتی – هومبان اینشوشیناک
پاشـــایەتی یەکەی تیپـــی هۆمبان- ئینشۆشـــیناک ٦٦٤-٦٥٣ ق.م پ دوای مەرگی ئورتاکی و کۆتایی پاشای ئیلامی مەزن بووە، هومبان – هالتاش سوم ٦٤٨-٦٤٤ ق.م

**ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نووسینی ئەم وتارە کەڵکی لێ وەرگیراوە.**
- عنوان مقاله: آیا پیشینه تاریخي استان ایلام بیش از ٣٠٠ سال است؟
- کتـــاب تاریـــخ و فرهنگ کهن ســـرزمین ده هزار ســـاله دهلـــران و ایلام-کرم علیرضایی
- باستانشناسی - تاریخ و ایلام-حبیب اله محمودیان
- قوم لر- دکتر امان الهی
- اطلس گیتاشناسی اســـتان‌های ایران، تهران: مؤسسه جغرافیایی و کارتوگرافی گیتاشناسی، ١٣٨٣ خ.
- برشور مسیرهای گردشگری جنگ، بخش ایلام.



Haft Tepe portrait clay Head – سەردیس گەلی حەفتەپ

تێبینی : ئەم بابەتە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری بەرەو سەربەخۆیی ژمارە یەک لە زستانی ٢٧١٠ ی کوردی بڵاو کراوەتەوە.
www.serbexo.com